# مەحموود فەرهادی کێیە؟

بەرە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 29 خەرمانانی 2707 ڕێکەوتی (20 سێپتامبری 2007)، لە شوێنی حەوانەوەی لە هوتێل سلێمانی پالاسی شاری سلێمانی لە لایان هێزێکی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا و بردرا.

مەحموودی فەرهادی دەورووبەری 50 ساڵی تەمەنە. کوردە و بە ئەسڵ خەڵکی شاری "سونقوری کولیایی" لە پارێزگای کرماشانە.

ناوبراو هەر لەکاتی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چووە ریزەکانی سوپای پاسدارانەوە. بەهۆی بەشداریی لە شەڕەکانی کوردستان و پاشان بەشداری لە بەرەکانی شەڕی دژ بە عێراقدا، لە ریزەکانی سوپای پاسداراندا، گەشەی کرد و پلە و پایەی چووە سەرێ. لە 80 کاندا لە فەرماندەیی سوپای پاسداران لە شارەکانی کرماشان و سنە و کامیاراندا بووە.

لە ساڵی 1990دا، کە هێزێکی دیکە بە ناوی "هێزی قودس" بۆ بەڕێوەبردنی ئامانج و ئەرکەکانی سوپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەو سوپایە زیادکرا، باشترین و لێهاتووترین و دڵسۆزترین پاسدارە خاوەن پلەکان گوێزرانەوە بۆ ریزەکانی "هێزی قودس". مەحموود فەرهادی یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە پلەی "سەرتیپ"ی گوێزرایەوە ریزەکانی سوپای قودس و لە ڕێکخستنی سوپای قودسدا، بووە ئەندامی پلە بەرزی "قەرارگای زەفەر"ی ڕەمەزان لە شاری کرماشان و لەو قەرارگایە بووە "فەرماندەی عەمەلیاتی قەرارگای زەفەر".

قەرارگای زەفەر، یەک لە قەرارگا هەرە چالاکەکانی قەرارگای ڕەمەزانە. کە دەورێکی گرینگی لەناو عێراق دا هەیە.

"مەحموود فەرهادی" شەخسی خۆی دەیان جار بە ناوی بازرگان و بە بیانووی بازرگانییەوە هاتووچۆی باشووری کوردستان و شارەکانی عێراقی کردووە. ناوبراو دەورێکی چالاکی هەبووە لە چالاکییەکانی هێزی قودس لە عێراقدا. ئەو لە پێوەندیی بەردەوامدا بووە لەگەڵ "سەردار دوری"، ڕێکخەری عەمەلیاتی هێزی قودس لە عێراقدا کە لە تاران لە ستادی فەرماندەیی هێزی قودس دادەنیشێ.

مەحموودی فەرهادی لە یەکەمین ڕۆژەکانی ڕووخانی سەدام حسەین لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی سوپای قودس رووی لە عێراق کرد.

هێزەکانی سوپای قودس لە ڕۆژی 2003/4/4 لە ڕێگای گیلانغەرب، قەسرشیرین، سۆمار و نەفت شار و کەلارەوە روویان لە عێراق کرد.

مەحموود فەرهادی وەک فەرماندەی عەمەلیاتی قەرارگای زەفەر، هاوڕێ لەگەڵ "مسگەری"، فەرماندەی گشتی ئەو قەرارگایە و هاوکات لەگەڵ: "ئەحمەد فرووزەندە فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان، سەیفوڵاهی فەرماندەی فەرماندەیی نەسر، ئیرەج مەسجدی و محەممەد عەلی جەعفەری و حەمید تەقەوی لە گەورە بەرپرسانی هێزی قودس و قەرارگای ڕەمەزان، بە پشتیوانی چەند تیپی سوپای پاسداران لە لەشکرەکانی "4 بێعسەت" و "ئیما عەلی"، ڕژانە نێو عێراقەوە و لەم شارانەدا، بۆ ماوەیەک دامەزران:

- مەندەلی
- نەفتشار
- بەعقوبە
- خانەقی
- کەلار
- مەیدان

لەوکاتەدا، فەرماندەیییەکی هاوبەش، کە لەم کەسانەی خوارەوە پێکهاتبوو، لەژێر چاودێری "عەلی خامنەیی" و لە ڕێگای "موجتەبا" کوڕە گەورەی خامنەییەوە، عەمەلیاتی کۆماری ئیسلامی لە نێو عێراق دادەڕشت و چاودێری دەکرد:

1- میر حجازی، بەرپرسی ئیتلاعاتی "بەیتی رەهبەری"
2- عەلی ئاغا محەممەدی، فەرماندەی پێشووی "فەرماندەیی نەسر"
3- سەردار سەیفوڵڵاهی بەرپرسی فەرماندەیی نەسر
4- محەممەد عەلی جەعفەری (فەرماندەی ئێستای سوپای پاسداران) و فەرماندەی ئیتلاعاتی سوپای ئەو دەم
5- رەبیعی، جێگری وەزیری ئیتلاعات
6- قاسم سلیمانی، فەرماندەی گشتی هێزی قودس

پاش ئەوەی دۆخی عێراق، ئارامییەکی ڕێژەیی بەخۆوە دیت، فەرماندە گەورەکانی سوپای پاسداران خۆیان لە عێراق چوونە دەرەوە و لە نێو شارە سنوورییەکانی ئێرانەوە عەمەلیاتی هێز و تاقم و کەسەکانی خۆیان فەرماندەیی دەکرد.

لەم دەورەیەشدا، تا کاتی گیرانی، درێژەی بە کاروچالاکیی تێکدەرانە لە عێرقدا داوە.

# ئەمریکا دوای شەڕی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

خەلیل نادری



شکستی سۆڤیەت هەلێکی لەباربوو بۆ تاک جەمسەری بوون و زیاتر بوونی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پتەوکردنی پێگەکەی کە لە دەورانی شەڕی دووەمی جیهانی و پاشان شەڕی ساردهاوپەیمان و پێگەیەکی واّی نەبوو، بەڵام دوای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت ئەمریکا هەرچی زوو هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیدا لە ناوچەکەدا کە پێشتر تەنیا لە دووی بەرژەوەندییەکانی بوو لەم ناوچەیەدا، بەڵام لە دوای شەڕی سارد هەوڵی هاتنە ناوچەکە و بەهێزکردنی دەسەڵات و پێگەی خۆیدا و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو، بە هەموو ئەو کێشانەش کە لە بەر دەمیدا بوون و هەن.

دەکرێ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەمریکا بۆ سێ خاڵ بگێڕینەوە.

1- پێگەی دەسەڵاتی USA لە سیستەمی جیهاندا
2- بوونی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا کە بەرژەوەندییەیان لەگەڵ بوونی ئەمریکایە
3- بوونی هێزێکی بەرچاو و تۆکمەی سەربازی و هەواڵگریەکی بەهێز، کە دەکرێ بەم شێوەیە باسیان لێوەبکەین.

1- بە ڕووخانی سۆڤیەت، ئەمریکا هیچ ڕکابەرێکی لە جیهاندا نەما ئەگەرچی هەمیشە چین هەوڵی داوە وەك جەمسەرێك بەرانبەر بە ئەمریکا بوەستێ بەڵام لە 20 ساڵی ڕابردوودا USA گەورەترین زلهێزی جیهان بووە و هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی سیاسیش پێیان وایە کە لە 20 ساڵی داهاتووشدا دەسەڵاتی ئەمریکا لە وەی کە هەیە زیاتر بەهێزتر دەبێ لە سیستەمی جیهانیدا.

2- زۆر یەک لە وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بوونی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا بۆیە پشتیوانی لێدەکەن و هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکان لەوانە ( میسر و ئیسرائیل و سعودیە و توورکیە و عێراقی ئێستا ) هەروەها کورد کە گەورەترین نەتەوەی ژێردەست و بێ وڵاتی ناوچەکەیە و خۆری هەڵاتنی ئازادیی لە بوونی ئەمریکا و سەرخستنی پرۆژەکانیدا دەبینێ و ئەمریکاش بێ هاوپەیمانێتی کورد ناتوانێ گشت ئامانجەکانی وەدی بهێنێ بۆیە کورد باشترین و پێویسترین هاوپەیمانی ئەمریکا دەبێ. هەروەها چەندین وڵاتی بچووکی کەندا و لەگەڵ بوونی ئەمریکادان لە ناوچەکەدا، ئەگەر چی بە بوونی کورد لە بازنەی هاوپەیمانیەتی ئەمریکادا ترکیە نیگەرانە و حەتمییە واز لە هاوپەیمانییەتی ئەمریکا دێنێ و ئەو ساردییەش بە پێوەندییەکانی نێوانیانەوە دیارە وەک

ێ . بەشداریی نەکردنی ترکیە لە پڕۆسەی ئازادیی عیراق و داخستنی سنوورەکانی بە ڕووی ئەمریکادا بۆ هاتنە ناو خاکی عیراق.

ب. ڕێگە نەدان بە ترکیە بۆ هاتنە ناو خاکی باشووری کوردستان.

ت. نەرمی نواندنی ئەمریکا بەرانبەر بە pkk و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە کێشەی pkk و ترکیە، ئەمە لە حاڵێکدا کە ئەمریکا پێشتر بە جۆرێکیتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و ئەو ڕێکخراوەی لە لیستی تیرۆردا جێ کردبۆوە.

3- هێزی سەربازی و بوونی هەواڵگرییەکی ئەوتۆ کە تا ئێستا هیچ وڵاتێک نە خاوەنی هەواڵگرییەکی وەک cia ن و نە لە ڕووی سەربازییەوە ئەتوانن شان لە شانی ئەمریکا بدەن و ئەو هێزە زۆرە لە ناوچەکەدا بڵاوە پێ بکەن.

بەو سێ هۆکارەی سەرێ ئەمریکا توانیویە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشە بکا و گەلێک گۆڕانکاری تریشی لە بەردەمدان کە کاری بۆ دەکا وەک گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات لە سوریە و ئێران، و بۆ گۆڕانکاری لە ئێران گەلێ لەو وڵاتانەشی دێتە پاڵ کە لە پڕۆژەی عیراقدا بەشدار نەبوون بەتایبەت ئەوانەی حەز بە بوونی دەسەڵاتێکی گەورەی شیعە مەزهەب لە پەنایانەوە ناکەن، بۆیە دەکرێ بڵێین گۆڕان لە ئێراندا شتێک دەبێ نزیکە و پێویستە ڕۆڵەکانی کورد و سەرکردایەتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بۆ تەیار بکا و باشترین دەرفەت کە بڕەخسێ لە دەست نەدا و بتوانێ کیانێکی سیاسی و ئارام وەک هەرێمی باشووری کوردستان پێکبهێنێ.

# باڵوێزی کۆماری ئیسلامی ئەندامی هێزی قودسە

ژێنراڵ "دیوید پترایوس" لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی سی.ئێن.ئێن، رایگەیاندکە: "حەسەن کازمی قومی"، (باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا) یەکێ لە ئەندامانی هێزی قودسی سوپای پاسدارانە.

دیوید پترایۆس وتی: کازمی قومی لە حاڵی حازردا، لە پارێزراوی دیپلۆماتی بەهرەمەندە و ناکەوێتە بەر ئامانجی هێزەکانی ئەمریکا.

شایانی باسە کە، حەسەن کازمی قومی، سەرتیپێکی سوپای



پاسدارانە لە هێزی قودس و پێش ئەوەی ببێتە باڵوێزی ئێران لە بەغدا، لە ئەفغانستان فەرماندەیی هێزەکانی قودسی سوپای پاسدارانی دەکرد و جەک و تەقەمەنی بۆ "ئیسمائیل خانی هیرات" دابیندەکرد.

ساڵی 2006 هێزەکانی ئەمریکا، لە چالاکییەکانی هێزی قودسی سوپای پاسداران دڵنیابوون و لەسەرەتای 2007 دا، هێرشەکانیان بۆسەر بنکە و ناوەندەکانی ئەم هیزە لە نێو عێراقدا دەسپێکرد. دوورنییە ئەو هێرشانە بگوازرێنەوە بۆ ناو خاکی ئێران.

پاشماوەی لاپەڕەی 4

# سەردەمێکی نوێ لە سیاسەت و ستراتیژی دەرەوەی ئوروپا

...بە گشتی ڕۆژئاوا پێشتر کە سیاسەتی سات و سەودایان بەرانبەر بە ئێران گرتبووە بەر، ئەمڕۆ ڕاست بە پێچەوانەوە جیا لەوەی پاڵپشتی لەبڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ توندترکردنی سزاکان لە سەر ئێران دەکا، لە هەمانکاتدا ئاڵمان و فەرانسە و ئینگلیس و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دیکەی سەر بە یەکێتی ئوروپا خوازیارن خۆیان وەك یەکێتی ئوروپا کۆمەڵە گەمارۆیەک بەسەر نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بسەپێنن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیان وایە کە ئێران بەنیازی دروستکردنی بۆمبی ناوکیە و ئەوەش بە مەترسییەکی گەوەر بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری یەکێتی ئوروپا و جیهان دەزانن. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە و ئامانجی لە بەرنامە ئەتۆمییەکانی بە بەرهەمهێنانی وزەی بەرق پاساو دەکا. لە ڕاستیدا ڕۆژئاواییەکان لە پێوەندیی دیپلۆماسیدا، بەتایبەت لە بواری بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێراندا تووشی شکست هاتوون و دەزانن کە کۆماری ئیسلامی لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردایە و ئامانجی دیاریکراوی لە ملنەدان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جیا لە دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی هیچ شتێکی دیکە نییە.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاڵمان و فەرانسە و ئینگلیس لە ئاراستەکردنی سیاسەت و ستراتیژیی یەکێتی ئوروپادا دەورێکی بەتوانایان هەیە، یەکدەنگی و یەکریزی ئەم سێ وڵاتە لەم قۆناغە لە مێژووی سیاسی ڕۆژئاوادا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و بە شێوەی گشتی تێڕوانینی یەکێتی ئوروپا و وێکچوونی لەگەڵ بەرنامە و سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، قۆناغێکی گرینگ و نوێی لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکەدا پێکهێناوە. وا پێ دەچێ ئاکامەکانی ئەو قۆناغەش گۆڕانکاریی لە نیزام و سیستەمی سیاسیی لەو وڵاتەدا پێکبێنێ.

ئەوەی لە سەرەوە باسی لێوەکرا بە کورتی ئاماژەیەک بوو بە گۆڕانی سیاسەت و ستراتیژی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ئێران و ئەو گوشارانەی کە لە ئاستی ڕۆژئاوادا لە پێناو ئاڵ و گۆڕ لە ئێراندا بەڕێوەن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە تا ئێستا چین و ڕووسیە وەك دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕوویەکی خۆشیان بە نوێ کردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نیشان نەداوە. ڕووسیەو چین ، بە ڕواڵەت لە پێوەندی لەگەڵ ساغبوونەوەیان لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە پارادۆکسێکی سیاسیدا چەقیان بەستووە. بەڵام لە ڕاستییدا ڕووسیە و چین ئەو بارودۆخە بە دەرفەتێک بۆ قۆزتنەوەی بەرژەوەندییەکانیان و وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی دەزانن. نە ڕووسیە و نە چین لە ئاستێکدا نین کە بتوانن ئاستەنگی جیدی لە بەر دەم پڕۆژەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکەن. هەرچەندە ڕووسیە و چین بە سەقامگیریی و هێژمۆنی سیاسی و نیزامی و ئابووری ئامریکا لە ناوچەکەدا دڵتەنگن، بەڵام بوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە ئەمری واقع و هەموو لایەک بە چین و ڕووسیەوە ناچارن خۆی لەگەڵدا بگۆنجێنن. بۆیە بە بڕوای من چین و ڕووسیەش سەرەنجام پاش ئەوەی لە هەڵێنجانی لانیکەمی بەرژەوەندییەکانیان و پچڕاندن و دابینبوونی ویستەکانیان لە هاوکێشەکەدا دڵنیا بوون، ئەگەر بەڕەسمیش لە مەیداندا نەبن، بە کردەوە ئاسانکاری بۆ جێبەجێ بوونی پڕۆژەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکە و ئێراندا دەکەن.

2007.10.18

ئەو نووسینانەی بەناوی خاوەنەکانیانەوە بڵاودەبنەوە "بۆ کوردستان" لێیان بەرپرسیار نییە، تەنیا نووسەرەکانیان بەرپرسیارن